# ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە دەلاقەی بەرتەسکی هەواڵێکەوە ستراتیژییەتێکی مرۆڤانەی نەتەوەییمان پیشاندەدات

**عەلی سەعید**
**ئەڵمانیا**

ڕۆژنامەنووسی هۆشیار ئەگەر هەر تەنها چەند دێڕێکی کورتیش بخەیتە ئیختیاریەوە تا کارێکی هەوالدەری ئەنجام بدات، دەتوانێت کارێک بکات بەو چەند دێڕە کەمەی کە دەیاننووسێت، ستراتیژییەتێک بۆ ڕزگاریی نەتەوەیەک یان بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە مرۆڤانەیی و ڕۆحییەکانی خوێنەرانی تەرح بکات. مەسەلەی ئەوەی کە ڕۆژنامەنووس جەخت لەسەر چی بەشێکی هەواڵ دەکات بەشێکی گەورەی ئەنجامدانی کارێکی وایە. دەکرێت ڕۆژنامەی هاوڵاتی ئەم ماوەیەی دوایی هەم بە ڤێرشنە کاغەزەییەکەیەوە و هەم بە ڤێرشنە ئەلکترۆنییەکەیەوە، (مەبەست لە جێنێتی هاولاتییە)، نموونەیەک بێت کە لەم سیاقەدا ناوهێنانی خۆی فەرز بکات. من لێرەدا هەر بە عەشوائی دوو نموونەی کورتە هەواڵی سایتی هاوڵاتی دەگرم و هەوڵدەدەم لەڕێگەیانەوە دەستڕەنگینیی، یان ڕاستتر بڵێم: ئاسۆ ڕونیی ڕۆژنامەنووسی نەوەی تازەی ڕۆژنامەگەریی کوردیی پیشان بدەم.

هەواڵی یەکەمیان بەناوی (300 هەزار کورد نەگەڕاونەتەوە کەرکوک)ەو ڕۆژی 15.03 بڵاوبۆتەوەو دووەمیشیان بەناوی (ژمارەیەک ئوتومبێلی مینڕێژکراو هاتونەتە سلێمانی)یەو ڕۆژی 19.03 بڵاوبۆتەوە. لەیەکەمیاندا ئەو زانیارییە لەدەمی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەقۆزێتەوە کە لەدوای ساڵی 1968 ەوە 500.000 کورد لە کەرکوکەوە بۆ پارێزگاکانی تر ئاوارەبوون، وە لەو ڕێژەیە تائێستا تەنها 200 هەزاریان گەڕاونەتەوە. هەر لەدرێژەی هەواڵەکەشدا ئەوە هاتووە کە "دەربارەی ماددەی 140 یش سەرۆکی ئەنجومەن دەڵێت: مالیکی دەستکاریی بڕیارەکانی کردووە و ئینجا ڕەزامەندی لەسەر سیانیان دەربڕیوە و ناشزانرێت ئەو گۆڕانکارییانە چین کە لەو بڕیارانەدا کراون". لەهەواڵی دووەمدا هاوڵاتی زانیاریی ئەوەی دەستکەوتووە کە "ژمارەیەک ئوتومبیل بەمەبەستی ئەنجامدانی کاری تەقاندنەوە هاتونەتە شاری سلێمانییەوەو بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانیش هەواڵەکە پشتڕاستدەکاتەوەو دەڵێت بۆ دەستگیرکردنی ئۆتۆمبیل و تیرۆریستەکان هاوکاری ئاسایش دەکەن و بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانیش بێ ئاگایی خۆی لە هاتنی ئەو ئۆتۆمبیلانە دەردەبڕێت".

ڕۆژنامەنووسانی هاوڵاتی ژیرانە ناونیشانی هەواڵەکان لەپێناو گەیاندنی پەیامێکدا تەوزیف دەکەن. لەهەواڵی یەکەمدا خوێنەر شۆک دەکەن بەوەی کە پێبڕادەگەیەنن کە تائێستا 300.000 کوردی خۆمان کە کەرکوکیی ئەسڵن نەگەڕاونەتەوە شارەکە. ئەم ناونیشانانە بەو ڕاستەوخۆییەیان زیهنیی خوێنەر کێش دەکەن بۆ ئەو ئاوارەیی و دەربەدەرییەی لە سی و چل ساڵی ڕابردوودا بە باڵای خەڵکی کەرکوکدا بڕاوە و، بەوەشەوە ناوەستێت بەڵکو ستراتیجییەتی کۆتایی پێهێنانیشی بەناڕاستەوخۆ دەکاتە عەقڵییەت. گەڕانەوەی ئەو ژمارە گەورەیەی کەرکوکییەکان بێگومان کاریگەریی دەبێت لەسەر سەلماندنی کوردستانییبوونی کەرکوک و ئەمەش ئەو عەقڵە جێ پێدەگرێت کە گەڕانەوەی ئەوان یاخود گێڕاندنەوەیان گرنگییەکی لەداوخستن نەهاتووی هەیە. درێژەی هەر هەمان هەواڵ باسێکی ماددەی 140 و دەستکارییکردنی لەلایەن سەرۆکوەزیرانەوەی تیایە، بەڵام هاوڵاتی دەزانێت کە داڕشتنی ستراتجییەتی نەتەوەیی لەناو ماڵی خۆدا گەلێک گرنگترە لەهەر یاسا و دانپیانانێکی ڕەسمیی لەلایەن تەرەفی دەرەکییەوە بۆ بەکوردستانکردنی کەرکوک. هەر بۆیەشە هاوڵاتی ئامادە نییە مەساحەیەکی ئەوتۆی هەواڵەکە تەرخان بکات بۆ مەسەلەی دەستکارییکردنی مالیکی بۆ ماددەی 140 و ئاگادارنەبوونی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لێی، بەڵکو ناوەڕۆکی ئەسڵیی کورتەهەواڵەکە و ناونیشانەکەشی

دەکاتە باسی نەگەڕانەوەی کەرکوکییەکان تا هەر چۆنێک بووە دەستوبردێک بکەین و بەبیانووی هەبوونی نائەمنیی و تیرۆر کەرکوکییەکان لەدەرەوەی کەرکوک ڕانەگرین.

هەر لەسیاقی باسی تیرۆردا دەبێت ئەوە بڵێین کە وەنەبێت ڕۆژنامەی هاوڵاتی دەرک بە خەتەری تیرۆر و نائەمنیی و قورسیی ژیان لەسایەیاندا نەکات. هەر دووەم هەواڵ خۆی خەمخۆرییەکی لەم چەشنەی بۆ خەڵکی کورد تیایە. کاتێک ژمارەیەک ئوتومبێلی مینرێژکراو هاتونەتە سلێمانی، ئەوە هاوڵاتییە پێش دەزگا ئەمنییەکان، کە بڕیارە بەرپرسیارێتیی ئاسایشڕاگرتنی ناوچەکەیان گرتبێتە ئەستۆ، بە هەواڵەکە دەزانێت و بڵاوی دەکاتەوە. لەم هەواڵەشدا هەر بەهەمان ژیریی مامەڵە لەگەڵ هەڵبژاردنی ناوەڕۆکە ئەسڵییەکەیدا دەکەن و ئەوەندەی جەختیان لەسەر ئەوەیە کە هۆشداریی بدەنە خەڵکی کورد کە بکەونە خۆیان و جێگاوڕێگایەک بگرنە بەر بۆ پاراستنی خۆیان و ئاگاداربن نەبا خوانەخواستە ببنە قوربانیی دەستی تیرۆر، یان کردەوەی تیرۆریستیی ئارامیی شار و ئارامیی ژیانی خەڵکەکەی بشێوێنێت، جەختی لەسەر ئەو فەنییاتە نییە کە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی دەڵێت هەواڵەکە ڕاستەو بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانیش بێ ئاگایی خۆی لێ دەردەبڕێت. لەسیاقی ئەم هەڵبژاردنەی چەقی قورسایی هەواڵەکەدایە کە هاوڵاتی هەواڵی هاتنی ئۆتۆمبیلە مینرێژکراوەکان دەکاتە ناونیشان و زیهنی خوێنەر بۆ جیدییەت و خەتەری ئەو مەسەلەیە ڕادەکێشێت. بەمانایەکی تر، هاوڵاتی بەم کارەی زیهنییەتی خوێنەری خۆی (کە توێژێکی بەرینی خەڵکی کوردستانە) بەوە ڕادێنێت کە جەختی لەسەر کاری "ویقائی" بێت تا کردەوەی تیرۆریستیی ڕوونەدات، و ناچێت وەک ڕۆژنامەنووسە بێبەهرەکانی تر خوێنەر بەوەوە سەرقاڵ بکات کە ئایا چۆنە پۆلیسی سلێمانی ئاگادارە و ئاسایش ئاگادار نییە، یان ئەوەی ئایا ئەم تەنسیق نەکردنە خراپە یان باشە و شتی بیکەڵکی لەم بابەتە. هەر بۆیەشە بۆ ئەوەی زیهنی خوێنەر لەسەر مەسەلە گرنگەکە لانەچێت، هاوڵاتی ناکۆکیی نێوان لێدوانەکەی بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی و بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی وەک لێدوان دەخاتە بەرچاو نەک وەک خیلاف. نەک هەر ئەمە بەڵکو دڵسۆزیی ڕۆژنامەنووس بۆ مەسەلە گرنگەکە کە پاراستنی سەلامەتیی گیانیی خەڵکەکەیە ڕێگەی پێنادات بیری بۆ ئەوە بچێت کە ئەوەی عەمید سەرکەوت حەسەن بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی دەڵێت کە "هیچ زانیارییەکی لەبارەی بوونی ئەو ئوتومبێلانەوە لەشاری سلێمانیدا نییە" بەناڕاستخستنەوەی ئەو لیدوانەی چەند دێڕی پێشووی لیوا ڕزگار عەلی بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانییە کە دەڵێت "بۆ دەستگیرکردنی ئۆتۆمبیل و تیرۆریستەکان هاوکاری ئاسایش دەکەن". ئەمە لەهیچەوە سەرچاوە ناگرێت لەو بیرکردنەوە ستراتیجییەوە نەبێت کە دەزانێت کە ئاسایشی ژیانی دانیشتووانی شارێک زۆر لەخیلافی (یان ڕاستتر بڵێین "ئیختلافی") لێدوانی دوو تاکە شەخس گرنگتر و گەورەترە.

خۆزگە هەموو ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسەکانمان بەم ئاسۆ ڕوونییە و بەم دڵ فراوانییەی هاوڵاتییەوە کاریان دەکرد و لەهەواڵ نووسیندا ئاوا هوشیارانە مامەڵەیان دەکرد و لەبری ئەوەی جەختیان لەسەر شەخس و خیلافی لاوەکیی بێت، چاویان دەبڕییە ئەو ڕەهەندانەی هەواڵ کە ئەمن و ئاسایشی ژیانی هاوڵاتی کورد جێدەخەن و ستراتیژییەتێکی نەتەوەییمان پیشاندەدەن.

alisaiid2006@yahoo.com

• • •